# لە نێوان مردۆڤ و شوێن و کاتدا

دیمانەیەک بۆ تێگەیشتنی مێشکمرۆڤ



21832

کامەران محەمەد

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

- ناوی پەرتووک: لە نێوان (مرۆڤ)و (شوێن)و (کات)دا
- نووسینی: کامەران محەمەد
- بابەت: مێژوویی
- تایپ: نووسەر
- نەخشەسازی: نەورۆز جەمال ئەمین
- چاپ: چاپخانەی یاد
- چاپی یەکەم: سلێمانی٢٠١٥
- تیراژ: ٥٠٠دانە
- نرخ: ٢٠٠٠دینار
- لەبەڕێودبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی(١٧٧٩)ی ساڵی٢٠١٥ی پێدراوە.


Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

## سەرەتا

هەر وشەیەك بنەڕەت و ڕیشەی تایبەتی و پەرەسەندنی خۆی هەیەو واتاو دەلالەتەکان لەخۆ دەگرێت و لەئەنجامی بەرەو پێشچوونیدا بەشێوەیەك بەکار دەهێنرێت، کە زاراوە گەلێکیان لێدروست ببێت و بەو واتایە کە هەیەتی کایەیەکی دیاریکراوی مەعریفەی مرۆڤایەتی بگرێتەوە.

وشەی (مێژوو) یەکێکە لەو وشە گرنگانەی لەسەر هەرسێ ئاستی ئاسۆیی و ستونیی و مەعریفی بەردەوام ئامادەیی خۆی هەبووە.

لەسەر ئاستی ئاسۆیی یەکێکە لەو چەمکانەی لەنێو تێکڕای کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکاندا بەجیاوازی ئاستی پێشکەوتنیان بەکارهاتووە.

لەسەر ئاستی ستوونییش بەکارهێنانی وشەی (مێژوو) لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا مێژوویەکی دێرینی هەیەو بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لەسەر ئاستی مەعریفیش مێژوو لەوە دەرچووە تەنها لەتاکە ڕەهەندێکەوە تێی بڕوانرێت و وەك پێشگری کایەیەکی زانین مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو ئەمڕۆ مێژوو کایەیەکی جیامەندی فراوانی نێو مەعریفە جیاوازەکانی بۆ خۆی پاوانکردووەو سەدەها تویژینەوەی زانستیی لەسەر ڕەهەندو لایەنە پەیوەندییدارەکانی (مێژوو) لە ناوەندە زانستی و قوناغە جیاوازەکانی خوێندنی بالادا بەئەنجام دەگەیەنرێت. لەبەرئەوە

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەردەوام چەمکی مێژوو لای مێژوونووسان و فەیلەسوفان جێگەی سەرنج و گفتوگۆ لەسەرکردن بووە.

نەگەر لەگەڵ شۆڕشی میتۆدیی قوتابخانەی ئەڵمانی بە ڕێبەرێتی (لیوپولد ڤۆن رانکە Leopold von Ranke)و قوتابخانەی فەرەنسی بە ڕێبەرێتی مێژوونووسانێکی وەک (ئێرنست لاڤیس Ernest Lavisse)، بەڵگەنامەکان دەروازەی والأکردنی دەرگاکانی ڕابردوو و ئامرازی کارکردنی مێژوونووس بووبن، تەنانەت چاوگی دروستبوونی خودی مێژووش بووبێتن! ئەوا بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەی ئانالی فەرەنسی (Annales -١٩٢٩)، ئەو تێڕوانینە گۆڕانی بەسەردا هات و زاراوەی مێژووی تازە (New History) ی بۆ ئەو دیدە نوێیە بەکارهێنا، کە پێیوابوو (مێژووی تازە) مێژوونووسێکی ئاڵۆزە، بۆیە پانتاییەکی گەورەی بە پرسیار بەخشی و کاری بۆ فراوانکردنی سەرچاوە مێژوونووسەکان کرد. لە ڕوانگەی جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی مێژوونووس لە لێپرسینەودی ڕابردوو بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی، (مارک بلۆخ Marc Bloch) بیرۆکەی (پرسی مێژوویی) بەشێوەیەکی گشتیی بۆ مێژوونووسانی ئانال دامەزراند. لەبەر ئە وەی (پرسیاری مێژوویی) بە هەنگاوەکانی (ڕەخنەی مێژوویی)و (ڕاڤە و شیکردنەوە)وە بەندە، ڕاستە کە بنەڕەتەکانی ئەو ڕەخنەیە یەکەمجار لە لایەن قوتابخانەی مێژوویی (بابەتێتی) ئەڵمانییەوە و دواتر فەرەنسییەوە دانرا، ئەوەی بە (ڕەخنەی دەرەکی و ناوەکی دەق) ناودێرکرا . بەڵام بلۆخ ئەوەی لە ڕەخنە دەخواست، کە تەنها لە چێوەی دێڕو زمان و واتاکانییەوە

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لێنینەکۆڵرێتەوە، بەڵکو ئەو دەیویست لە میانەی چەمک و زەین و ژیرییەوە بچێتە نێو دەقەکانەوە، ئەوەش لێکدانەوەی سایکۆلۆجی دەقە، کە بلۆخ سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێت، لە نێو دەقەکاندا وەک پێکهاتەیەک مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکرێت، واتە وەک ئەو مرۆڤەی مێژووی خۆی دەنووسێتەوە.

(لوسیان فیفەر LUCIEN FEBVRE)یش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە (مێژووی تازە) دەبێت بە تەنها خۆی لە بەڵگەنامەکاندا قەتیس نەکات، بەڵکو پێویستە هەموو ئەوانە بەکاربهێنێت کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت، هەر لە: زمان، نیشانەکان، بەڵگەی گوندیی، سیستمی پاوانەکان، بازن و ملوانکەکان، هەر سەرچاوەیەکی دیکەی فەراهەمکراو. بەکورتی دەبێت بەسەر تەواوی دۆزراوە و میتۆدەکانی زانستەکانی دیکەی وەک جوگرافیا، ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونناسیدا بکرێتەوە. هاوکات دەبێت دوای ئەو ڕەوتانە نەکەون کە لە بیست و سییەکاندا دەرکەوتن و خۆیان بەسەر چەند پسپۆرییەکی وەک (مێژووی ئابووری، مێژووی بیرو....تاد) دابەشدەکرد.

لێرەدا مێژوونووس دەبێت لەو ڕاستییە تێبگات، کە (واقیعی مێژوویی) وەک ئەو وێنە لێکترازاوەی بەردەستی مندااڵێک وایە و ئەو دەیەوێت پارچەکان پێکەوە بلکێنێتەوە! بۆ ئەوەی بتوانێت وێنەکە بەتەواوی دروست بکاتەوە! بەاڵم ئایا مێژوو دەتوانێت بەتەنها و بە فەرامۆشکردنی کایەکانی دیکەی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان ئەو کارە ئەنجام بدات؟ هەریەکە لە کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەک (جوگرافیا،

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library